عەبدولناسر عەبدولڕەزاق
ڕاهێنەری تیپی کچانی تێنسی سەرزەویی یانەی پێشمەرگەی هەولێر:

# دۆزینەوەی یاریزانانی کچ زەحمەتە



عەبدولناســر عەبدولڕەزاق یەکێك لە ڕاهێنەرە بەتواناکانی یاری تێنســـی سەرزەوییە لە شاری هەولێر، ئەو شوێن دەستی دیارە لە پێگەیاندنی چەندین کچە یاریزانی تێنســی ســـەرزەوی لە هەولێر کە ئێســـتا لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقن. لە ئێســـتادا تێنســـی سەرزەوی لە شاری هەولێر زیندوو بۆتەوە و چەندین کچە یاریزانی بەتواناشی پێگەیشتوون. ئەم راهێنەرە رۆڵی کارای بینیوە لە گرنگیدان بەم یارییە لە پایتەخت، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠ی شاری هەولێرە و پێشتریش ڕاهێنەری هەریەك لە تیپەکانی بروسك و ئارارات و پێشمەرگەی هەولێر بووە کە بۆ ماوەی شەش ساڵ یەکەمی کوردستان بووە، خاوەنی چەندین ئەنجامی شایســـتەیە لەسەر ئاستی کوردســـتان و عێراق، ئێستاش ڕاهێنەری هەریەك لە تیپەکانی یانەی پێشمەرگەی هەولێرو هەڵبژاردەی نیشتمانی کچانی عێراقە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

*** ئاستی یاریی تێنســـی سەرزەوی چۆن دەبینی بەگشتی؟**

- ئاســـتی یاریی تێنسی سەرزەوی لە شارەکانی عێراق زۆر نزمە، بەڵام دەتوانم بڵێم لە شـــارەکانی کوردستان لە بەرزبوونەوەدایە، بەتایبەتی لە شـــاری هەولێری پایتەخت، رۆژ بە رۆژیش ئاســـتی ئەم یارییە بەرزبوونەوە بە خۆیەوە دەبینێ و یاریزانانی زیاتر ڕوو لەم یارییە دەکەن کە پاشەرۆژێکی باش لە چاوەڕوانی ئەواندایە.

***چی بکرێت باشـــە بۆ ئەوەی ئـــەم یارییە زیاتر بەرەو پێش بچێت و گەشە بەخۆیەوە ببینێ؟**

- پێویســـتە لەســـەر یانەکان زیاتر گرنگی بە یاری تێنسی ســـەرزەوی بدەن، پێویستە لەسەر لایەنی بەرپرس و حکومەت و کاربەدەستان یاریگای تایبەت بەم یارییە بکەنەوە لە شارەکانی کوردســـتان، کە یاریگای زیاتریش کرایەوە بێگومان ئاســـتی یارییەکە زیاتر دەگەشـــێتەوە و یاریزانانیش زیاتر ڕوو لەم یارییە دەکەن.

*** گرفتی یاریی تێنسی سەرزەوی زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- گرفتی سەرەکیی ئەم یارییە کەمیی یاریگایە لە شارەکان و نەبوونی پێداویستییەکانی تایبەت بە یاریی تێنسی سەرزەوی کە ئەمانە هەمووی دەبنـــە گرفت بۆ ئەوەی یاریزانان نەتوانن کارەکانی خۆیان بە رێکی ئەنجام بدەن.

*** کردنەوەی پاڵەوانێتی بە کەمی کاریگەریی نابێت لەســـەر ئاستی یاریزانان ویارییەکە؟**

- بەدڵنیاییەوە کەمیی پاڵەوانێتی زۆر کاریگەری دەبێت لەسەر ئاســـتی یاریزانان و کەمی پاڵەوانێتیەکانیـــش نابنە هۆکار بۆ پێشکەوتنی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان، کە پێویستە زیاتر گرنگی بـــە کردنەوەی خـــول و پاڵەوانێتی بدرێت بۆ یاریزانان و ڕاهێنەران.

*** وەکو ڕاهێنـــەری تیپی کچان، کۆکردنەوە و دۆزینەوەی یاریزانانـــی تەمەن بچووك ئایا تاڕادەیەك کارێکی گران نییە؟ بە چ شێوازێك کۆیان دەکەیتەوە؟**

- زۆر ڕاســـتە دۆزینەوەی یاریزانانی کچ کارێکی زەحمەتە، بـــەڵام زۆربەی یاریزانە کچەکانی تیپەکەمان نزیکی خۆمانن و لای خۆمان پەروەردە بوون، بۆیە دۆزینەوەیان هەر ئاسان بووە.

*** یانەی پێشمەرگەی هەولێر چۆن هاوکاریت دەکەن؟**

- یانەی پێشـــمەرگە پێش ئەم قەیرانە داراییە زۆر هاوکاری ئێمەیان دەکرد، بەڵام پاش ئەم قەیرانە پشتیان لێکردووین.

*** هیچ یانەیـــەك بۆ سەرپەرشـــتیکردنی تیپەکانیان داوای گرێبەستیان لێ نەکردووی؟**

- تاکو ئێستا هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردووم.

***بڕیارت نەداوە قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بۆ هەولێر بکەیتەوە؟**

-ئێســـتا قوتابخانەیەکی تێنسی ســـەرزەویمان کردۆتەوە کە یەکێتیی تێنســـی ســـەرزەوی لقی هەولێر سەرپەرشتی دەکات، بـــەڵام من مەشـــق و ڕاهێنانیان پێ ناکـــەم، لەبەر ئەوەی من سەرقاڵم بە ڕاهێنەرایەتیی یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق.

*** هیواو ئاواتت وەکو ڕاهێنەرێك لەم یارییەدا چییە ؟**

- هیـــواو ئاواتـــم ئەوەیە کۆمەڵگەیەکی تێنـــس بکرێتەوە لە کوردســـتان و بەتایبەت لە شـــاری هەولێر بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەت بەم یارییە بکەین.


*** لەم یارییە بۆ داهاتووی خۆت پێشبینی چی دەکەی؟**

- داهاتووم لەمە باشـــتر نابێت، بەڵام لەبەر خۆشەویستیم بۆ ئەم یارییە بەردەوام دەبم لە خزمەتکردن بە یارییەکانی تێنســـی سەرزەوی لە شاری هەولێر و کوردستان و عێراق.

*** لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت مابێت؟**

- دەمەوێ سوپاســـی گۆڤاری گوڵان-ی خۆشەویست بکەم بۆ بەســـەرکردنەوەی یاریزانانی شـــارەکانی کوردســـتان بەبێ جیاوازی.

دیمانە: کارزان کانەبی






## بەفەرمی کلاسیکۆی ئیسپانیا لە ٢١ی مانگی تشرینی دووەم بەڕێوەدەچێت



## هیرێرا: ململانێی بەهێز لە نێو یاریزانانی مان یونایتد هەیە

لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانی یاریزانی مایســترۆی هێلی ناوەڕاستی یانەی مانچستەر یونایتد ئەندیر هیرێرا روونیکردەوە کێبرکێی بەهێزی یاریزانان لەســـەر شوێنی یاریکردنی لەیانەکە بۆتە هۆکاری درەوشانەوەی لەگەڵ تیپەکە. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی دەیلی ستار لەزاری هیرێرا ئاماژەی بۆئەوەکردوە کێبرکێ و رکابەری زۆر هەیە لەنێو یاریزانانی تیپەکە ئەمەش بۆتە هۆی درەوشـــانەوەم و خۆســـەلماندنم لەم شوێنەی یاریکردن. هیرێرا لەهێلی ناوەڕاست یاری دەکات کە ژمارەیەك ئەستێرە لەخۆوە دەگرێت لەوانە مایکل کاریك، باستیان شڤانشـــتایگر، مۆرگان شنایدر. هەروەها هیرێرا وتی: من سوودی زۆرم بینیوە لەم کێبرکێیە ئەمە بەلای منەوە زۆر باشە بۆ من و یانەکە، بۆیە لەو بڕوایەدام کاتێ لەگەڵ ئەو یاریزانانە ناودارانە یاری دەکەم ئەوا بەشێوەیەکی زۆر سودیان لێ دەبینم و فاکتەرێکی گرنگە بۆمن. لەبەشیکی تری قسەکانیدا ئەو یاریزانەی یانەی مانچستەر یونایتد جەختیکردەوە من و مۆرگان شنایدرلین سودی زۆر لەشارەزایی یاریزانە گەورە و بەتواناکانی وەك شڤاینی و کاریك وەردەگرین ئەمەش هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە بۆ ئێمە و باش لێی تێدەگەین.

دەستەی یەکگرتووی یانە وەرزشیەکانی ئیسپانیا دوایین کاتی فەرمیان بۆ یاری کلاسیکۆی نێوان ریال مەدرید و بەرشلۆنە یەکلاکردەوە لەمیانی گەری دوانزەمی لالیگا. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی بڵاویکردۆتەوە هەروەك لەپێشوودا پێشبینی دەکرا بڕیاردرا لە ٢١ تشرینی دووەم ئەم یاریە ئەنجام بدرێت لەکاتژمێر ٦:١٥ خولەك بەکاتی ئیسپانیا، ٨,١٥ی شەو بەکاتی هەرێمی کوردستان. ڕۆژنامەی ناوبراو ئاماژەشی بۆئەوەکردوە یاریەکە لەیاریگای سانتیاگۆ بیرنابیۆ بەڕێوەدەچێت و دیاریکردنی ئەم کاتە بە ڕێکەوتن بووە لەگەڵ ئەو تۆرە تەلەفزیۆنیانەی مافی بڵاوکردنەوەی یاریەکەیان هەیە لەسەرتاپای وڵاتانی جیهان. پێویستە بوترێت گەری ١٢ی لالیگا لەڕۆژی ٢١ دەست پێ دەکات و لەڕۆژی ٢٣ی تشرینی دووەم دواین یاری ئەم گەرە ئەنجام دەدرێت. یاری کلاسیکۆی ئیسپانیا لەهەموو جیهانەوە هاندەرانی وەرزشی بەپەرۆشەو چاوەڕێی بەڕێوەچوونی ئەم یاریەن.






# ماتا: لەگەڵ ڤان گال ئاسودەترم تا لەگەڵ مۆرینهۆ

دوای هاتنی خۆزی مۆرینهۆ بۆ لەئەستۆ گرتنی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی چێلسی یاریزانی ئیسپانی خوان ماتا دوای دوو ساڵ یاریکردن بۆ یانەی چێلسی بەشێوەی سەرەکی ئەو یاریزانە لە پێکهاتەی سەرەکی دورخرایەوە، بەڵام کاتێك پێوەندی بە ریزەکانی یانەی مانچستەر یونایتدەوە کرد لە ژێر چاودێری لویس ڤان گاڵ دا جارێکی تر درەوشایەوە. لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی تایمز ماتا ئەوەی خستەروو: ئەرکی هەموو هێرشبەرێك دروست کردن و تۆمار کردنی گۆڵە من لە ریزەکانی یانەی مان یونایتد دا ٣٠ یاریم کەمتر لە کۆی یاریەکانم بۆ یانەی چێلسی ئەنجام داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە ریزەکانی مان یو دا توانیومە زیاتر گۆڵ تۆمار بکەم. هەروەها خوان ماتا ئاماژەی بۆئەوە کرد لە ئێستا دا لە ریزی یانەکەمدا هەست بە خۆشحاڵی دەکەم، من لەگەڵ ڤان گال هەست بە ئاسودەیی زیاتر دەکەم تا لەگەڵ مۆرینیۆ، چونکە ڤان گال مرۆڤێکی ڕاست گۆیە لە کاتی ڕاهێنان و لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا قسەکانی وەکو یەکن ئەو سیاسەت لەگەڵ هیچ یاریزانێك دا ناکات.



# یانەی نەورۆز خـــۆی نوێ دەکاتەوە

دوای ئـــەوەی وەرزی ڕابردوو یانەی نەورۆز پلەی ســـێیەمی خولی نایابی یانەکانی کوردســـتانی بەدەســـتهێنا، بۆ ئـــەم وەرزەش یانەکە ســـەرەڕای ئەوەی کە قەیرانی دارایی بەرۆکی گرتووە، بەڵام نایەوێت بەدەســـتی بەتاڵ لە خولەکـــە بێتە دەرەوەو نەتوانـــێ کێبڕکێ لەگەڵ یانەکانی دیکە بـــکات. یانەی نەورۆز جیاواز لـــە یانەکانی دیکەی شاری سلێمانی سەرقاڵی مەشـــق و ڕاهێنانە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تۆکمـــە ریزەکانـــی بەهێز بـــکات. هەرچەندە یانەکە دەســـتەبەرداری ژمارەیەك لە یاریزانانی خۆی بووەو، بەڵام کۆمەڵێك یاریزانیشـــی لە یانەکانی سلێمانی و پێشمەرگەی ســـلێمانی و چەمچەماڵ هێناوەتە ریزی تیپەکەی بۆ ئەوەی ئەم بۆشـــاییەی کە لـــە پێکهاتەی تیپەکە هەبوو پڕ بکاتـــەوە. لە بارەی ئامادەکارییەکانی یانەکەش ئەرســـەلان

# یاریزانانی دهۆک داوای پارەکانیان دەکەن

هەرچەندە یانـــەی دهۆك ئەم وەرزە بەنیازی ئـــەوە بوو بتوانێ لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئەنجامێکی شایستە بەدەستبهێنێت، سەرەڕای ئەوەی یانەکەش ژمارەیەك یاریزانی هێناوەتە ریزی یانەکەی بە هیوای بەدەســـتهێنانی ئەنجامی شایستە لەخولی نایابی یانەکانی عێراق شـــان بە شانەکانی یانەکانی هەولێر و زاخۆ، بەڵام لە شەش یاریی ڕابردووی تیپەکە نەیتوانیوە ئەنجامی شایســـتە بەدەست بهێنێت و دڵی هاندەرانی خۆش بکات، هاندەرانیش داوا دەکەن هۆکاری ئەنجامە خراپەکانیان بخەنەڕوو. لە بارەی ئەنجامە خراپەکانی یانەکە و باشـــدیکەکردنی ئاستی تیپەکە محەمەد عەلی بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆك بۆ

گۆڤاری گوڵان گوتی: هەر چەندە ئێمە خاوەن دەستەیەکی ڕاهێنەرانی بەهێزین وەکو یانەی دهۆك و کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانامان هەیە، بەڵام لە یارییەکانی ڕابردوو ئەنجامەکانمان بە دڵی دەســـتەی کارگێڕی و هاندەرانی یانەکەمان نەبووە، لە ئێستاشدا ئێمە هیچ بڕە پارەیەکەمان وەکو گرێبەســـت نەداوەتە یاریزانانی تیپەکەمان، ئەوانیش داوای بڕی پارەی بەشی یەکەمی گرێبەستەکانیان دەکەن کە مافێکی سروشتی خۆیانە و زۆربەی یانەکانی بەشـــدار لە خولی عێراقی ئەو پارەیە بە یاریزانانی داوە، یاریزانانی ئێمەش بە کارگێڕانی یانەکەیان گوتووە بۆ پارەکانیان، بۆیە دەستەی کارگێڕیی یانەی دهۆکیش بە نیازە لەگەڵ پارێزگای دهۆك کۆببێتەوە بۆ ئەوەی قەیرانی دارایی یانەکە و بڕی گرێبەســـتی یاریزانانی تیپەکە چارەسەر بکات و پارەکانیان بۆ دابین بکات، لەم بڕوایەشـــم ئاستی یانەی دهۆك بەرز بێتەوە لە یارییەکانی داهاتوو و هاندەرانیش پاڵپشـــتی یانەکەمان بن بۆ ئەوەی ئاســـتمان بەرزتر بێتەوە ئەنجامەکانمان بەدڵی هەموو لایەك بێت.





جەلال ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: لە ئێستادا ئامادەکارییەکانمان دەستپێکردووە، ئێمە ئەمساڵ چاومان لەوە نییە کە بتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، بۆیە کارگێڕانی یانەکە ئەوەیان بە ئێمە گوتووە کە تەنیا شەڕی مانەوە بکەن لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، چونکە گرفتی دارایی بۆتە کێشە بۆ سەرجەم یانەکانی کوردستان، ئێمەش ناتوانین بە قەیرانی داراییەوە بچین شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە بکەین، ئەم وەرزە ئێمە جیاوازین، چونکە ژمارەیەك لە یاریزانانی بەتوانامان دەستنیشان کردووە لە یانەکانی سلێمانی و پێشمەرگەی سلێمانی و چەمچەماڵ و هەندێك یاریزانانی خۆشمان سەرخستووە بۆ تیپی یەکەم، یاریزانانیش (هەرێم بورهان،یاسین کەریم گۆڵچی، گۆران یاسین، ڕێباز مەحمود، ڕێبوار جەمال) لە یانەی سلێمانی و (ئاکۆ نوری، شکار عادل) لە پێشمەرگەی سلێمانی و(هاوکار عومەر،هاوکار یەحیا) لە یانەی چەمچەماڵمان هێناوەتە یانەکە و چاویشمان لە ئەنجامە لەگەڵ ئەم پۆلە یاریزانانە.

لە بارەی گرێبەستەکانیش ئەرسەلان گوتی: ئێمە بە هەمووی تەنیا ٢٠٠ملیۆن دینارمان لەبەر دەستە بۆ ئەوەی بەشداری خولی نایاب بکەین، لە ئێستادا تەنیا بڕی ٢٥ملیۆنمان لە ژێردەستە و بڕی ١٧٥ ملیۆنمان خەرج کردووە بۆ هێنانی یاریزانان بۆیە ٢٥ملیۆنمان ماوە بۆ ئەوەی یاریزانانی دیکە بهێنین، حەوت یاریزانیش ریزی یانەکەیان جێهێشتووە، بۆیە بە هێنانی ئەم یاریزانانە دەتوانین شوێنیان پڕبکەینەوە.

# هەولێر بیر لە هێنانی گۆڵپارێزی بیانی ناکاتەوە



لەگەڵ ئەوەی ئەم وەرزە کارگێڕانی یانەی هەولێر جیاواز لە ساڵانی دیکە بڕیاری دا کە پشت بە کوڕانی شارەکەی ببەستێ چ لە رووی یاریزانان و چ لە رووی هونەرییەوە و چەندین یاریزانی پێشووی تیپەکە گەڕانەوە پایتەخت بۆ ئەوەی خزمەتی زیادیکە بە یاریزانانی یانەکە بکات، یانەی هەولێر لە ساڵانی ڕابردوو زیادیکە پشتی بە ڕاهێنەرانی گۆڵپارێز بیانی و عەرەب دەبەست بۆ ئەوەی مەشقی بەردەوام بە یانەکە بکەن، بەڵام ئەمساڵ کاوە ئیبراهمی گۆڵپارێز و ڕاهێنەری پێشووی یانەکەیان گەڕاندەوە یانەی هەولێر بۆ ئەوەی ببێتە قوتابخانەیەك بۆ پێگەیاندنی چەندین گۆڵپارێزی بەتوانا، ئەمساڵیش یانەی هەولێر هیچ گۆڵپارێزێکی بیانی نەهێناوە و پشتی بە هەریەك لە سەرهەنگ موحسین و دلێر حاتەم و ڕێباز عەلی بەستووە بۆ پاراستنی تۆڕی گۆڵی یانەی وەرزشی هەولێر، لە بارەی خولی عێراق و نەهێنانی گۆڵپارێزی دیکە، کاوە ئیبراهیم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئەمساڵ لەگەڵ ئەوەی قەیرانی داراییمان هەیە لە یانەی هەولێر، بەڵام بەردەوام پشتمان بە گۆڵپارێزەکانی خۆمان بەستووە بۆ ئەوەی زیادیکە خۆمان لەگەڵیان ماندوو بکەین، گوتیشی: بۆ یارییەکانی خولی عێراق ئێمە وەکو ستافی ڕاهێنەران هیچ جیاوازی نییە تۆ لەبیرنەکەی هەر ٣ گۆڵچی گرێبەستیان لەگەل یانە کردووە کە پارێزگاری لەگوڵی یانە بکات، تەنها هەڵسەنگاندن لەناو یاریگا پێشکەشکردنی ئاستی باشترە لەوی دیکە ئەگەر نا من هیچ کات جیاوازی لە نێوان کەسیان ناکەم، لەبارەی ئەو ٤ یارییەی سەرەتایی خولەکەش من تەنیا بیر لەبردنەوە دەکەمەوە بیر لەوە ناکەمەوە کێ ڕازی بکەم ئەوە ئیعدیکەافە نەوەك دڵ ڕازی کردن، بەرنامەم لەسەر ئەوەیە هەڵەکانی پارو ئەوەی ئەمساڵ رودەدات لە خولی عێراقی، لە ژێر خانەوەش گوڵچی دیکە ئامادەباشی بکەین بۆ شارەکە. من دەڵێم زۆریش درووست بووە ئەگەر سەیری گوڵچییەکانی دیکەی دەرەوەی شار بکەین کە یانەیەکی دیکە پارەی زیاتری بداتێ هیچ ڕێزی لەشارو جەماوەرو یانەکەی ناگرێ بە پێچەوانەی کوڕی شار هەموو ئەوانە رەچاو دەکات بەڵگەش ئەم ساڵەیە، ئەمساڵیش هیچ بڕیاری ئەوەمان نەداوە کە گۆڵپارێزی عەرەب و بیانی بهێنینە ریزی یانەکەمان، چونکە ئاستی گۆڵپارێزەکانی خۆمان زۆر باشە.